# وەرزی ئـــــــەنفـــــال

## سەباح عەلی جاف - کەلار

پێدەشتی گەرمیان مەملەکەتی ڕازە قەرسیلیەکاتی
چەرخی ئەنفال و تارمای ساتە باروتیەکانی
شەڕی ناوخۆیە
هەموو بەهارێك
من ڕادەمێنم و پرسیار لەو وەرزی پێنجەم دەکەم
پرسیار لەو بارقە دەکەم
کەبەمناڵی لولەی تفەنگەکەی نایە ناو دەمم و
ئەمن لەجیاتی مەمکی دایکم گرتم
پرسیار لەو عەرعەرە دەکەم
کەخەزێمەکەی دایکمی ونکرد و باوکمی لە ئێمە دابڕی
پرسیار لەو پێژمەرگەیە دەکەم
کەبەحەسرەتی ماچی تەوێڵی فاتیلەوە
گوللەیەك تەوێڵی ماچ کرد
پرسیاریش لەو فاتیلەیە دەکەم
کەلە قاافڵەی ئەنفالدا لێوەکانی تۆزی ماچی گرتبوو
پرسیار لەو ئێوارەیە دەکەم
کە جگە لە غوباری فیراق و
لەزرمە زرمی سنگ کوتان و
لە زیرەزیری مناڵە خەون زەردو سورەکان و
لەنەڕە نەڕی زرێپۆشەکان و
لە قرچ وهوڕی دارو هێلانە سوتراوەکان
هیچی تر لەو ڕەوەزە سەوزەلانەدا
نەدەبیسترا ...
هەمو بەهارێك
من رادەمێنم و پرسیار لە وەرزی پێنجەم دەکەم ...
ئۆفـــــــــــــــ
چ کەسەرگەیەکە ئەی خوایە ئەم درێژگەیەی من
ئەم درێژ گەیە .. پڕە لە خۆزگەی پرتەقاڵی و
پڕە لە ئۆفی دایکی کوڕە کوژراوێك و
پڕە لە سرودی بەیانیەکی قوتابیانی هەڵە بجەی گەشمەردەو
پڕە لە هاوار .. هاواری مناڵە چاو بزێوەکانی زیلان و
پڕە لە گریانە زگارەکانی ژنێکی گەرمیانی و
پڕە لە لا پەڕە فرێدراوەکانی زبڵدانی میژوو ..
هەمو بەهارێك
من رادەمێنم و پرسیار لە وەرزی پێنجەم دەکەم ...

2002/2/..

فەرهەنگۆك :

بارق : یەكێك بوو لە كاربە دەستە دیكتاتۆرەكانی لە گەرمیان .

فاالتیلە : كچێكی جەحێل بوو كە ئەنفال دزی .

درێژگە : دڵ .

گەشمەردە : شەهید .

زیلان : ئەو دۆڵەی كە لە توركیا ژمارەیەكی زۆر كوردی تیا كوژرا .

زگار : پەرێشان .